ئەگەر یەکێکتان نوێژی کرد، با بەربەستێک (سوترەیەک) لە پێش نوێژەکەی دابنێت، ئەگەر بە تیرێکیش بێت

لە سەبرەی کوڕی مەعبەدی ئەلجوهەنیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر یەکێکتان نوێژی کرد، با بەربەستێک (سوترەیەک) لە پێش نوێژەکەی دابنێت، ئەگەر بە تیرێکیش بێت».

[صەحیحە] [ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

فەرموودەکە ئەوە ڕوونەدەکاتەوە سونەتە نوێژخوێن بەربەستێک (سوترەیەک) لە پێش خۆی دابنێت کاتێک نوێژ دەکات، وبەربەست (السُترة:سوترە) هەموو شتێک دەگرێتەوە کە نوێژخوێن لە پێش خۆی دایبنێت ئەگەر کورت و وردیش بێت وەکو تیر، وئەمیش ئاماژەیەکە لە ئاماژەکان بۆ ئاسانکاری ولێبوواردەیی شەریعەت.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/10869